زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
Salahaddin University - Erbil

# ناونیشانی توێژینەوە
# (پێگەی ئامێری شمشاڵ و ڕەنگدانەوەی لە موزیکی کوردی)

ئاراستەکراوە
بۆ ئەنجومەنی بەشی موزیک
وەک داواکارییەک بۆ بەدەستهێنانی بڕوانەمەی بەکالۆریۆس لە زانستی موزیک

ئامادەکردنی قوتابی
**هۆگر سەعید قادر**

بەسەرپەرشتی
م. هەژار احمد مستەفا

٢٠٢٤-٢٠٢٣

هەولێر

# واژووی سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوە بەناونیشانی (**پێگەی ئامێری شمشاڵ و ڕەنگدانەوەی لە موزیکی کوردی**)، لەژێرسەر پەرشتی من ئەنجامدراوە، کەبەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس – بەشی موزیک – زانکۆ سەلاحەدین، بۆیە لەخوارەوە واژووم کردوە.

## پێشکەشە بە

- پێشکەشە بە ڕوحی دایکی خوا لێخۆشبووم کە منی پێگەیاند.
- خانەوادە بەڕێزەکەم بەتایبەتی خێزانی خۆشەویستم.
- هاوڕێ و هاوپۆلەکانم لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشیی موزیك لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
- هونەرمەند و هونەردۆستانی شاری هەولێری خۆشەویست.
- بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیان داوم.

## سوپاس و پێزانین

**توێژەر بە پێویستی زانی سوپاس و پێزانینی ئاڕاستەی ئەم کەس و لایەنانەی خوارەوە بکات**

- سەرپەرشیاری ئەم توێژینەوەیە مامۆستا هەژار ئەحمەد مستەفا کە لە هەموو هەنگاوەکانی توێژینەوەکە لەگەڵمدابوو
- مامۆستایانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیك کەلە ماوەی چوار ساڵی خوێندنی بەکالۆریۆس زانست و زانیاریان فێرکردووم بە شێوەیەکی ئەکادیمی
- سەرجەم قوتابیانی هاوپۆلم کە پاڵپشت و هاندەرم بوون

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| پێشکەشە | ب |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| ناوەڕۆک | د |
| پوختەی توێژینەوە | هـ - ز |
| پێشەکی | و |
| **بەشی یەکەم/ چوارچێوەی بەرنامەی توێژینەوە** | |
| گرینگی توێژینەوە | 1 |
| ئاستەنگی توێژینەوە | 2 |
| ئامانجی توێژینەوە | 3 |
| شێوازی توێژینەوە | 4 |
| سنووری توێژینەوە | 5 |
| نموونەی توێژینەوە | 6 |
| پێناسەی زاراوەکان | ٧ |
| **بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** | |
| **تەوەری یەکەم/ کورتە باسێکی مێژووی موزیکی کوردی** | |
| **تەوەری دووەم/ کورتە باسێکی مێژووی ئامێری شمشاڵ**<br>**جۆرەکانی ئامێری شمشاڵ** | |

| | |
|---|---|
| **ژەنیارە بەتوتواناکانی ئامێری شمشاڵ لە کوردستاندا** | |
| بەشی سێیەم / نمونەی توێژینەوە و شیکردنەوەی نمونەکان | |
| **بەشی چوارەم / ئەنجامی توێژینەوە** | |
| دەرئەنجام | |
| ڕاسپاردە | |
| پێشنیار | |
| لیستی سەرچاوەکان | |
| پاشکۆ | |

## پوختەی توێژینەوە

پوختەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە لاپەڕە بەراییەکان و چوار بەشی سەرەکی..

لاپەڕە بەراییەکان پێکدێت لە :

واژووی سەرپەرشتیار ، لاپەڕەی پێشەکی ، سوپاس و پێزانین ، ناوەرۆك ، پوختەی توێژینەوە ، پێشەکی..

## پێشەکی

هەروەک ڕون و ئاشکرایە هەموو نەتەوەیەک خاوەنی زمان و ئەدەب و مێژوو و داب و نەریت و هـونەرو کـولتوری خۆیەتی، کە پێناسـەی بوون و ناسنامەیەتی ، نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە جیهان خـاوەنی زمان و مێژوو و ئەدەب و هونـەری خۆیەتی.

هـەرچەندە تاکو ئـێستا نەتـەوەی کـورد نەبۆتـە خاوەنی قەوارەی سیاسـی سـەربەخۆی خـۆی، وە بـە درێژای مـێژوو لەلایـەن داگیرکەران و دوژمنان دووچـاری سـڕینەوە و لەناوچـوون بـۆتەوە، وە بەسـەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تـوانیویـەتی زمان و ئەدەب هونـەر و کولتوری خۆی بپارێزێ و گەشەی پـێبدا بەتایبەتـی لـەڕووی هـونەری گۆرانی و مـوزیکدا ، توانیویەتی خۆی لـە چوارچێوەی تەسکی ناوچەیی ڕزگار بکات و گەشەبەو هونەرە بدات، وەتوانیویەتی جۆرەها ئـامێری مـوزیکی ڕۆژهەڵاتـی و ڕۆژئاوای تێکەڵ بە هـونەری موزیک و گۆرانی بـکات، وە سـوود لە تـەکنیکی هـاڕمۆنی دەنگ و ئـامێرەکان وەربگرێ، وەبەکاریان بهێنێ لە تیپە موزیکە جۆربەجۆرەکان.

هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی کورد، توانایەکی ئەوتۆی داراییان لەبەردەست نەبووە، کەچی بەهەوڵ و ماندووبوونی بەردەوام و دڵسـۆزیان بۆ بـواری موزیک و گۆرانـی، توانیویانە ئـەم هونەرە گەشـە پێبدەن و ڕۆڵێکـی گەورەیـان لە ناساندنـی هونەرەکە و بەزندوو مانەوەی بۆ دەوروبـەر و جیهاندا گێڕاوە . یەکێکیش لـەو هونەرمەندانـەی کە بەزانیاری و ئـاوازە بە جـۆش و خـرۆشەکانی مەیدانی هـونەری گـۆرانی نـاوچەی (..........) و کـوردستانی گـەرم کـردووە وئەسپی خۆی لـەو بـوارەدا تـاوداوە ، هـونەرمەند(..........)ە.

بۆیە توێژەر وەک فێرخوازێکی بـواری مـوزیک لەم توێژینەوەیـەدا بە پشت بـەستن بە چەندەها سەرچاوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایان و هەوادارانی مامۆستا (...........) ، هەڵساوە بە تیشک خستنە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری (............).

# بەشی یەکەم
## چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکە

- گرنگی توێژینەوە
- کێشەی توێژینەوە
- ئاستەنگەکانی توێژینەوە
- ئامانجی توێژینەوە
- شێوازی توێژینەوە
- سنوری توێژینەوە
- نمونەی توێژینەوە
- پێناسەی زاراوەکان
- توێژینەوەکانی پێشووتر

### ١,١ کێشەی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەک بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەک یان چەند کێشەیەک ئەنجام دەدرێت. گرنگتین کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنانەی خوارەوەیە.

تاکو ئێستا هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی زانستی لە سەر شمشال نەکراوە سەبارەت بە ڕۆل و پێگەی شمسال کە تایبەتمەندی خۆی هەوە لە کولتوری کوردیدا چونکە دەتوانرێ وە ئامیرێک کولتوری کوردی بناسرێت وە هەروەها ناڕوونی و نادیاری ڕۆڵی ئامێری شمشال لە نێو موزیکی کوردیدا، ئەو پرسیارە لای توێژەر دروست دەکات تا چ رادەیەک ئامێری شمشال وەک ئامێریکی کوردی وەک ناسنامەیەک دەردەکەوێت وە چ رۆل و پێگەیەکی هەیە لە نێو موزیکی کوردی.

### ئاستەنگەکانی توێژینەوە

گرنگترین ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنانەی خوارەوەیە.

– کەمی سەچاوەی نوسراو لە سەر ئامێری شمشال و مێژووەکەی و تایبەتمەندییەکانی.

– لە ژیان نەمانی زۆربەی ژەنیارانی ئامێرەکە و لە ناڕوونی و نادیاری مێژووەکەی لە کوردستاندا.

- – سەختی دەستکەوتنی ئەو ناوچانەی کە ئامێری شمشال تاکو ئێستا لە بۆنەکان و کاتی لەوەرەکان دەژەندرێت.

### ٢,١ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنەی خوارەوەیە.

- دیارخستنی ڕۆڵ و پێگەی ئامێری شمشال لە موزیکی گۆرانی کوردیدا.
- پیشاندانی ئەم ئامێرە وەک ناسنامەی کورد بۆ خەلکانێ تر و نەتەوەکانی تر.
- دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ئامێری شمشال.
- چۆنیەتی گونجاندنی ئەم ئامێرە لە نێو گۆرانی و موزیک کوردیدا.
- رۆلی ئەم ئامێرە لە بۆنە کۆمەلایەتی کولتوریەکانی کۆمەلگای کوردی.

### ٣,١ئامانجی توێژینەوە

- دەرخستنی ئامێری شمشال وەک ناسنامەیەکی کولتوری کوردی.
- دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی ئامێری شمشال لە موزیک و گۆرانی کوردیدا.

### ٤,١ شێوازی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا شێواز و ڕێبازی توێژینەوەی وەصفی شیکاریمان دەست نیشانکردووە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە.

### ٥,١ سنوری توێژینەوە

أ / سنووری شوێنی: هەرێمی کوردستانی عیراق

ب / سنووری کاتی: مێژووی ئامێری شمشال لە موزیکی کوردیدا

ج / سنووری بابەتی: پێگەی ئامێری شمشال لە موزیکی کوردیدا

### ٦,١ نمونەی توێژینەوە

دەست نیشانکردنی چوار بەرهەمی هونەری بەشێوەیەکی مەبەستدار، لەبەرهەمەکانی هونەرمەندی نەمر (..............) وەک نمونەی توێژینەوە دیاریکراوە.

## ٧،١ پێناسەی زاراوەکان

**بزاف** / بزاڤ بزوتنەوەیە هەر کۆمەڵەیەک چالاکی بنوینی پیی دەگوترت بزاڤ یان بزوتنەوە لە بوریکدا هەموو کاریکی مویزیکی و گۆرانی و شانویی و پەخشان پیی دەگوتریت هونەر ئەمەش دەربرینی ویژدانە.

**رۆشنبیری** / هەموو بورەکانی هونەر و جالکی و کارو هزرو بیرکردنەوە دەگەیەنیت.

**هونەر** / کۆمەلیک جالاکی هەمەرەنگی مرۆڤانەیە بۆ پێکهێنانی کاری دیتن و روانین و بینین یان یان کاریکی جولەییە.[1]

**ناوی شمشال**

ئامێری شمشال چەندین ناوی هەیە کە ئەو ناوانە تایبەتن بە شێوە و جۆرەکانی ئامێری شمشال کە هەرشێوە یەک ناوێکی تایبەتی خۆی لێنراوە وە هەندێ جۆر هەیە چەندین ناوی هەیە کە ئەوەش پەیوەستە بەو ناوچانەی کە چ ناوێک بۆ شمشال بە کاردەهێنن.
ئەو ناوانەی کە یۆ شمشال بە کاردێت بە پێی جۆرەکانی:

- لە کوردستانی باشوری رۆژهەلات ناوی شمشال بەکاردێت.
- دەڤەری بادینیان پێی دەلێن (لووێ).
- هەندێ شوێن ناوی (بلور) بەکاردەهێنن.
- **لە ناو** یەزیدیەکان پێی دەووترێ (شباب) کە لە دار دروست دەکرێت.
- (نەی) کە جۆرێکی تری شمشالە لە قەمیشی قەف قەف دروستکراوە.
- لە دیلمان پێی دەووترێت (الە)

**وە هەروەها لە وولاتانی تریش وەکو وولاتی ئیران و تورکیا و پاکستان و وولاتانی ئاسیای ناوەراست جیاوازی لە رووی قەبارە و شیوە و کونەکانی بوونیان هەیە.**

## توێژینەوەکانی پێشووتر

[1] عمر فقی عەولا: فەرهەنگی خاڵ، دەزگای موکریانن هەولێر ٢٠٠٦، لا ١٨

زۆر پەرتووک و سەرچاوەی تایبەت بە سەرهەڵدانی هونەری و بزافی هونەری و هونەرمەند و تیپە هونەرییەکان و ناودارانی شاری (...) هەن هەروەها زۆر بابەت لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکان لەسەر ئەم بابەتە بەردەستن، لەگەڵ باس کردنی لایەنی مێژوویی و کاریگەرییە سیاسییەکانی ئینتیمای نیشتیمانی و هەبوونی هەندێک دۆکومینت لەم بارەیەوە. بەڵام گشت ئەم بابەتانە لەگەڵ ئەم ناونیشانە هەڵبژێردراوەی توێژینەوەکەم کە بریتییە لە (...................)، یەک ناگرێتەوە وتەواو جیاوازن. بۆیە توێژینەوەکە بە یەکەم توێژینەوە لەم ڕوانگەیەوە ئەژمار دەکرێت.

# بەشی دووەم

# ٢. چوارچیوەی تێۆری توێژینەوەکە

## ( ئەم بەشە کورت بکەوە و بە شێوازیکی تر دایبرێژە)

### ١،٢ مێژووی ئامێرە هەواییە کۆنەکان ( سەرەتاییەکان )

ئامێرە فووداراە سەرەتاییەکان هەر لە سەرەتاکانی دۆزینەوەی موزیك بەکار هاتوونە. سەرەتا مرۆڤ ئەو ئامێرەی کەپێی ئاشنا بوو قورگی خۆی بوو ( حسێن ، 2003 )[2]، دواتر هەر زوو دەرکی بە ئامێرە ڕیتمیەکان کرد کە لەسەرەتادا پێکهاتبوو لە چەپڵە لێدان پیاکێشانی بەردو و دەنگی هەنگاوی ڕۆشتن و ....هتد . دواتر مرۆڤی سەرەتایی ئاشنابوو بە ئامێرە هەوایی و فوودارەکان .

چەند بۆچوونێك هەیە لەسەر دۆزینەوەی ئامێرە هەواییەکان و موزیك لە سەردەم و چاخە کۆنەکانی مرۆڤی سەرەتایی هەندێ لەوانە ڕەنگە پەیوەست بێ بە میتۆلۆژیا و ئەفسانە کە بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە.

محمدی حەمەباقی لە کتێبی مێژووی موزیکی کوردیدا دەڵێ :-

1- سەبارەت بە دۆزینەوە و درووستکردنی ئامێری موزیك ، لە ژیانی ئادەمیزاددا ، مشتومڕی هەمەجۆر هەیە ، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و تەمەنێکی ئەفساناویان بەسەرەوەیە . لەو ئەفسانانە : ئەفسانەیەکی چینی هەیە دەڵێت : (باڵندەیەکی سغەر موزیکی بردووە و ئامێرەکانی عود و تەپڵ و دەف "یان درووست کردووە ) . موسای پێغەمبەریش دەفەرموێت : (تۆپاڵ) لە پێش تۆفانەکەی (نوح)دا ژیاوە و ئەو ، باوکی هەموو نەیژەن و عوودزانێکە. "نوح"یش خۆی یەکەمین کەسێکە ، کە موزیکی دۆزیوەتەوە. ئەو عوودی درووست کردووە و ئاوازی لیدەرهێناوە . بەڵام ئەو عوودە لە تۆفانەکەدا لە ناو چووە و لە ڕۆژگاری داوود پێغەمبەردا دۆزراوەتەوە و چاك کراوەتەوە و بەکارهێنراوەتەوە) . کەچی هەر کۆرت زاکس دەڵێت :(ئەو فسانە وانین کە گوایە موزیك بەهرەی خوایی و .... ڕێنوێنیکردنی باڵندە و لە ڕێگەی بانگ و هاوار و کاری هەرەوەزەوە ، مرۆڤ فێری موزیك بووبێ ، بەڵکو قوڵبوونەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانی گۆرانی و موزیك ، لە ژیانی سەرەتای مرۆڤ و ڕۆژانی بەردیندا ، کارێکی ستەمە ، چونکە ئەگەر ئامێری موزیکیشیان هەبووبێ ، دیارە لە کەرەستەیەکی وا درووست نەکراوە . کە بەرگەی سەدان و هەزاران ساڵی گرتبێن ، لەبەر ئەوە ڕزیون و لەناوچون ، بۆیە ئەوەی بیەوێ لە مێژووی کۆنی گۆرانی و موزیك شارەزا بیێ . دبێ پاشماوە کۆنینەکان و هەڵکۆڵراوەی دێرین بخوێنێتەوە. ( حەمە باقی ، 2009: 52 )

2-هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ :-

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند محمد حسێن ساڵی 2003 بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی شمشاڵ

شارەزایانی موزیك لەگەڵ ئەوەش دا بە قووڵی چونەتە بنج و بناوانی دۆزینەوەی بنەچەو شوێنەواری موزیك بەڵام تا ئیستا نەگەیشتوونەتە ئەنجام هەندێك دەڵێن ولاتی هیندستان لانكەزای موزیك بووە ، هەندێكی تر دەڵێن ولاتی بابل بووە ، كە جێگەی جادووگەری و زانست بووە ، هەندێكی تر دەڵێن كە موزیك لە میسر لەدایك بووە ، هەندێكی تر لەسەر ئەوە سوورن كە ولاتی ئێرانە ، چونكە لانكەی سیحر و جادووكەری بووە و هەر لەرێگەی ئەوانیشەوە بە ولاتی یۆنان گەیشتووە و دوای ئەوانیش بە ولاتانی ئەوروپا گەیشتووە. ( حەمە باقی ، 2009: 52 )

3- كەریم سۆفی لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ( 52 ) ی ساڵی 2000 دا سەبارەت بە مێژووی ئامێرە فوودارەكان دەڵێ :-

ئامێرە فوودارەكان چەندان سەدە لەمەوبەر لە ولاتانی جیاجیادا بە شێوەی جۆراو جۆر دروست كراون و ژەنراون كۆنترین ئامێری فوودار كە تا ئێستا دۆزرابێتەوە لە سەرانسەری جیهاندا بۆ نیوەی هەزارەی دووەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە كە لە (7) تەپۆلكەی ( خۆزستان دۆزراوەتەوە ) هەروەها لە ناوچەی تەختی ( جەمشید )یش جۆرە ئامێرێكی فەداری تر دۆزراوەتەوە كە بۆ سەردەمی هەخامەنشیەكان دەگەڕێتەوە . ( سۆفی ، 2000: 90 )

4- محمد حسێن دەڵێ :-

بە ڕای من ئەوەی بیستومە لە سەرهەڵدانی ئەو ئامێرە لە ناو مێژوودا ناتوانین بیدەینە پاڵ كەسێك كە دایهێنابێت یان كەی سەری هەڵدابێت. چونكە بەشێوەی ئێستا نەبووە زۆر سادەتر بووە زۆر بەئاسانی فێری بووە و فوی پێدا .كردووە ئەوەندە كۆنە ئەو ئامێرانەن كە دوای قوڕگی مرۆڤ شمشاڵ بەكار هاتووە .

بەڵام ناتوانم ئەوە بسەلمێنم وە هیچ بەڵگەیەكی وام پێ نیە كە بڵێم ئەم ئامێرە لەو كاتە سەری هەڵداوە و كەی نەش و نمای كردووە وە زۆرینەی گەلانیش بەشداریان لە گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەم ئامێرەدا كردووە. حیكایەتێك هەیە لە سەر شمشاڵ دەڵێ:- شوانێك بە قامیشەلانێكدا دەرۆیی بیستی جۆرە دەنگێن و گفەگفێك لەم قەمیشەڵانە دێتە بەر گوێی. تەماشای كرد و سەرنجی دا بینی قامیشەكە سەرەكەی بڕاوە و هەوا لێی دەدات و دەنگی لێوە دەردێت . ئەویش قامیشەكەی لێكردەوە و خۆی فوی پیادا كرد و بوو بە ئامێرێكی زۆر سەرەتایی بەڵام نالێن لە كوێ هاتووە وە لە كوێ نەهاتووە .ئینجا ڕۆژ و زەمان ڕۆیشت ئەم ئامێرە پێشكەوت و كونیان تێ كرد تا بوو بە سێ كون .

لەو ماوەیەی دواییدا لە ئەوروپا تیمێكی گەڕان و پشكنین بە دوای ئاساواردا ئامێرێكی فووداری سەرەتاییان دۆزیەوە كە هاوشێوەی ئامێری شمشاڵە لە ئەشكەوتێكی باشوری ڕۆژئاوای ولاتی ئەڵمانیا كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ 35000 ساڵ پێش ئێستا . ئەمەش وێنەكەیەتی:- ( سایتی بوكرا ، 2009 )[3]

3 http://www.bokra.net/Articles/116100/%D%8A%7D%84%9D%8B%9D%8AB%D%88%9D%8B1_%D%8B%9D%84%9D89%9_%D%8A%7D%82%9D%8AF%D85%9_%D%8A%2D%84%9D%8A%7D%8AA_%D%86%9D%8A%7D8%9A_%D%81%9D8%9A_%D%8A%7D%84%9D%8B%9D%8A%7D%84%9D85%9.html






سەبارەت بە گۆرانی و موزیك دەڵێ:-

سەبارەت بە چۆنیەتی پەی بردن و دۆزینەوە و دروست کردنی ئامێرە موزیکیەکان ڕاو بۆچوونی جۆراو جۆر هەیە کە ڕەنگە هەندێکیان خۆ لە ئەفسانەو میتۆلۆژیا بدەن کە ناکرێ زۆر جێگای متمانە بن . هەندێکیان دەڵێن لامك کە بە چەند پشت دەگاتە ( ئادەم ) یەکەم کەسە کە عودی دروست کردووە ، گوایە دوو برا بە ناوی تۆپاڵ و یۆپاڵ کە کوڕانی ( لامك ) ن لەژێر چاودێری باوکیان ئامێری وەك ( عود-تەپڵ-دەف ) یان هێناوەتە سەر زەوی .

( فارمەر ) خاوەنی مێژووی مۆسیقای عەرەبی دەڵێ :- موسای پێغەمبەر وتوویەتی ( تۆپاڵ کە لەپێش تۆفانەکە دا ژیاوە باوکی نەی ژەن و عود زان بووە. بەڵام ( کامیل ئەلخولەعی ) لە کتێبی ( مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی دا دەڵێت :- دەڵێن یەکەم کەس کە مۆسیقای دۆزیوەتەوە ( نوح ) بووە هەر ئەویش عودی دروست کردووە و نەغمەی نەوای لێ دەرهێناوە . لە تۆفانەکەدا ئەو عودە دیار نەماوە بەڵام لەسەردەمی ( حەزرەتی داود ) دا ئەو عودە دیتراوەتەوە پاشان چاککراوەتەوە دووبارە ژەنراوە .فارمەری نوسەر هەر لەو کاتەش دا دەڵێت :- گوایە ( جەمشید ) ی شای ئێران یەکەم کەسە کە ئەو هونەرەی داهێناوە . ( ماملێ ، 2005 : 9-10 )

بۆ دەرخستنی مێژووی هونەری گۆرانی و موزیکی ئادەمیزاد بەر لە هەموو شت پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤ بەشوێن ئاسەوارە کۆنەکاندا بچێ و گەڕانی مەیدانی بکات، دەنا ئەو ڕاز و ڕا جۆراو جۆرانە ناتوانن مێژوو دیاری بکەن ( ماملێ ، 2005 : 10 )

لێکۆڵەرانی موزیکی دێرینە، لەو باوەڕەدان کە ئامێری شمشاڵ، لە باوترین و کۆنترین ئەو ئامێرانەیە، کە لە هەزاران ساڵی بەرینەوە، هاوڕێی دەنگ و ئارەزووەکانی مرۆڤ بووە. (حەمە باقی،2011: 270)

ئەوانە چەند ڕایەك بون, بەڵام ئەوەی کە زۆر باوەو زیاتر لەلایەن زانا مێژووییەکان جێگای باوەڕە دوو ڕا سەرەکیەکەنە :-

1- یەکەمیان دەڵێ مرۆڤی چەرخە کۆنەکان کاتێك بینیویانە ئێسقانی ئاژەڵ دوای شکانی هەردوو سەرەکەی و کۆن بوونی لەدواییدا کاتێك ناوەکەی کلۆر بووە و ڕەشەبا یان بایەك پیایدا تێپەڕبووە دەنگێکی دەرکردووە ، زۆر لایان سەیر و خۆش بووە و ئەوانیش هەوڵیانداوە کە خۆیان فووی پیا بکەن هەمان دەنگ دەربهێننەوە و کەیفی خۆیانی پێ خۆش بکەن . ( قەرەداغی، 2003)

2- وە بۆچوونەکەی تر دەڵێ لەو سەردەمانەدا مرۆڤ کاتێك بەلای قامیشەلانەکاندا تێپەڕ بوونە قامشە کلۆرەکان بە تێچوونی هەوا دەنگیان دەرکردووە و مرۆڤی ئەم سەردەمەش دەرکی بەو نهێنیە کردووە و بەکاری هێناوە بۆ هەمان مەبەست . ( حسێن ، 2003 )

هەردوو ڕاکەی سەرەوە نزیکن لە بیرکردنەوەی لۆژیکیانە کە ئەوش گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕاستە درك پێ کراوەی کە لە سەردەمە کۆنەکانی مرۆڤایەتی دۆزینەوەی نهێنیەکانی سروشت هەمووی لە ڕێگەی ( سودفە ) وە بووە .

مێژووی ئامێرە فوودارە تازەکان جیاوازیان هەیە لەگەڵ مێژووی ئامێرە فوودارە سەرەتاییەکان کە مێژوویەکی نادیارو کۆنیان هەیە و ئەو ئامێرە سروشت پێشکەشی مرۆڤی کردووە و ناتوانرێ بکرێتە موڵکی گەلێك یان ولاتێك چوونکە هەر لە سەرەتاوە لە قامیشی کلۆر و ئێسقان و ئەوشتانە دروست بووە کە سروشتین, چونکە مرۆڤ خۆی سەرەتا بە بیرکردنەوە هەوڵی دروستکردنی نەداون بەڵکو لەڕێگەی تێپەڕ بوونی هەوا بەناو قامیش و ئێسقانەکاندا دەنگیان دەرکردووە و بەڕێکەوت (صوتفە) مرۆڤ گوێبیستی بووە و حەزی پێکردووە و دواتر دەرکی پێکردووە و هەوڵی لاسایی کردنەوەی داوەو بەکاری هێناوە . وە چۆنیەتی دەنگەکانیش لە ڕێکەی کونەکانەوە هەر بە ڕێکەوت بووە، چونکە کە کاتێ ئامێرەکان بە ڕێکەوت شکاون و کونیان تێدابووە و دوای پەنجە داگرتن لەسەر کونەکان دەنگەکە گۆڕاوەو مرۆڤ درکی بەو شێوازەی گۆڕینی ئاوازەکەش کردووە. (ئەحمەد ، 2012) ، واتا لە دواییدا بۆتە ئامێرێکی کامڵ لەڕووی درووستکردن و دەنگ دەرکردنەوە. جا بۆیە ئەوەی گرنگە بوترێت ئەو ئامێرە فووداره سەرەتاییانە جیاوازیان لە ژمارەی کوونەکان و پێوەری درووستکردنەکەدا هەیە ئەگینا هەموویان لەشێوەدا لەیەك دەچن، کە ئەم ئامێرە سەرەتاییانە لەدواییدا گەشەیان پێدراوە و نەك هەر شمشاڵ بەڵکو زۆربەی ئامێرە هەواییەکانی لێدرووستکرا وەك (باڵەبان – نەی – نای – کەڤاڵ – نەی ئەنبوون – سورنای – دوونای – شەیپوور ....هتد) ئەمە وەك ئامێرە سەرەتاییەکان و سادەکان ، بەڵام دواتریش چەندان ئامێری تری پێشکەوتوو ئاڵۆز و ئەکادیمی سەریان هەڵداو درووستکران . وەك فلوت ، کلارنێت .....هتد (قەرەداغی ، 2003).

توێژەران گەڕان و پشکنینی زۆریان کردووە بەدوای ئامێرەکاندا ئەو گەڕان و پشکنینەی بەدوای ئاسەواردا کرا لە ساڵەکانی ((20)) ی پێش شەڕی جیهانی دووەم لە ناوچەی (تەپە گووڕە)ی شاری مووسڵ کە نزیکەی 15 میل لەو شارەوە دوورەو نزیکی گوندی (بەعشیقە) یە زۆر ئامێر دۆزرایەوە کە لە ئێسك درووستکراون ئێسکەکان گرنگیان پێدرابوو ، واتە لوس و جوان و ڕێك کرا بوون ، نموونەی ئەو ئامێرە بە شکاوی لە گۆڕی منداڵێك دا دۆزرایەوە کە تەمەنی (10) ساڵ تێپەڕی نەکردبوو کە ئەو ئامێرە لەژێر سەری دانرابوو لەناو گۆڕکە . دەبێ ئەو منداڵە شوان بووبێت یان کوڕە شوان بووبێت و ئەو ئامێرەی زۆر لا خۆشەویست بووبێت، بۆیە کەس و کاری ئەو منداڵە لەکاتی ناشتنیدا بڕیاریانداوە ئەو ئامێرەی لەگەڵ بنێژن . ئەم نمونەیە لە گۆڕێکی چینی دوانزەهەمدا بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ (3500) ساڵ پ.ز . (ئەحمەد، 1989: 108).

ئاشوریەکان شوێنی دەسەلات و فەرمانڕەواییان لەبەری خۆرئاوای (میدی) و جوگرافیای ئێستای کوردستانی عێراق بووە هاو سەردەمی بابلیەکانن، ئەو ئامێرە موزکیانەیان بەکار هێناوە کە (بابلی)ەکان بەکاریان هێناوە بەتایبەتیش لە ناوچەی نێوان هەردوو زێی (دیجلە) و (فورت). وەهەروەها کۆمەڵێك کەلاوەو شوێنەواری هەڵکۆڵدراو ئەوە دەسەلمێنن کە ئەمانیش ئامێری موزیکی پێشکەوتویان هەبووە، لەهەندێ کەلاوەی ئاشوریدا وێنەی تیپێکی موزیکی دۆزراوەتەوە کە ئامێری موزیکیان

بەدەستەوە گرتووە لەوانە (شمشاڵ - دووزولە – چەنگ – هەندێ ئامێری تری نزیك بە سەنتوور) . (حەمە باقی،2009: 181 )

بەڵگەنامەیەکی تر ئامێرێکی ئاشووریە کە نزیکە لە شمشاڵ ئامێرێکە لەشێوەی شاخی ئاژەڵ دایە ، کەلای گڵکۆی (سەنحاریب) لەسەر بەردێکی داتاشراو دۆزراوەتەوە. (حەمە باقی،2009: 153)

لە موزیکی کۆندا پشت بەستراوە بەو ئامێرە موزیکیانەی کە خۆیان کارگەی درووستکردنی دەنگن لەڕێگەی لەرینەوە. ئەو جۆرە ئامێرانە پێیان دەوترێت (ئایدیۆفۆنی) ئەمەش بەهۆی ئەو مادانەی کە ئامێرەکانیان لێ درووست کراوە، وەك ئەو کەرەستە خاوانەی کە سرووشت پێشکەشی مرۆڤی کردووە وەك ئێسقان و قامیش و دار و ...هتد، کەبەهۆی پیاکێشانەوە یاخوود تێپەڕبوونی هەوا بەناو دەنکیان درووست کردووە. لە گەڕان و پشکنینەکانی عێراق لە ڕووی مێژووی موزیکی کۆنەوە هەندێ ئامێر دۆزراونەوە :-

1- **فوودارەکان :- نای – قرن – شمشاڵ زۆر ئامێری سادەو سەرەتایی فوودار.**

2- **ئامێرە ژێدارەکان :- چەنگ – کەنارە – عود .**

3- **ئامێرە ئیقاعیەکان یان ڕیتمیەکان :- تەپڵ – دەف -...هتد**

4- **ئەو ئامێرانەی کە خۆیان درووستکەری دەنگن :- سەنج – زەنگ .**

لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرە فوودارە مێژوویان زۆر کۆنەو نا دیارە لە زۆر لە ناوچەکانی سەر زەوی بەکار هاتوونە ئێمە ناتوانین دەست نیشانی مێژووی تەواوی ئەو ئامێرە سەرەتاییانە بکەین بۆیە بەگشتی باسمان کردن و هەندێ بەڵگەی مێژوویی و بۆچونمان خستە ڕوو.

# 2.2 مێژووی شمشاڵ لە کوردستان

لەناو هەموو گەلاندا موزیك یەکێکە لە هونەرە گرینگەکان کە جێگای تایبەتی هەیە لەناو ڕەسەنایەتی گەلاند، گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە هونەری موزیك بەشێکی گرنگی لەناو ڕەسەنایەتی و فۆلکلۆرەکەیدا داگیرکردووە و گوزارشتێکی دیار و ئاشکرا و ناسراو دەکات و کوردی پێ دەناسرێتەوە .

بێگومان هەونەری موزیك لە گەلێك بەش پێك دێت یەكێك لەو بەشانە ئامێرەكانی موزیكن ، لە موزیكی كوردیدا باس لە ئامێرێكی گرنگ كوردی دەكەین كەئامێری (شمشاڵ)ە.

شمشاڵ یەكێكە لەو ئامێرە موزیكیانەی كە گەلی كورد هەر لە كۆنەوە ئەم ئامێرەی بەكارهێناوە و لەگەڵ دەنگە بەسۆزەكەی ئەم ئامێرە ئاشنا بووە و ساتەكانی ئاواز و موزیكی پێ بەسەربردووە تاكو ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ . گەلی كورد وەك نەتەوەكانی تر بە هۆی خاوەندارێتی و ڕەسەنایەتی خاك و زمان و نەریتی خۆی توانیویەتی لایەنەكانی (مێژوو و ئەدەب و بابەتە فۆلكلۆریەكانی و ......... هتد ) بەشێوەیەكی تایبەت بە خۆی دابڕێژێت .

كورد هەر لە سەرەتای دۆزینەوەی موزیك و ئامێرە موزیكیەكان گرنگیەكی تەواوی بە موزیك و گۆرانی و ئامێرە موزیكیەكان داوە، بەتایبەت ئامێرە هەوایی و ڕیتمیەكان لەبەر ئەوەی پێكهاتەكانی سادەن كە لە سەرەتای دۆزینەوەی مرۆڤ دەركی پێكردووە. ئامێری شمشاڵیش لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەكی دەگەڕێتەوە سەر ئامێرە فووداره سەرەتاییەكان واتا ئەو ئامێرانەی كە سەرەتا سادە بوونە و دوواتر گۆڕانكاریان بەسەرداهاتووە ، بۆیە گەلی كوردیش توانیویەتی چەند گۆڕانكارییەكی تایبەت بەخۆی بەسەر ئەم ئامێرەدا بێنێت تایبەت مەندێتی خۆی پێ ببەخشێت چونكە لە سەرەتای درووست بوونیەوە ئامێرێكی سەرنج ڕاكێش و دڵ ڕفێن بووە و لەناو هەموو ناوچەكانی كوردستان بەكار هاتووە و گرنگی تەواوی هەبووە بەتایبەت لەلای شوانەكان، وەهەروەها ئامێری شمشاڵ بەشداری لەگشت بۆنە و ئاهەنگ و خۆشی و ناخۆشیەكاندا كردووە جگە لەمەش بەشداری لە بۆنە ئاینیەكاندا كردووە بەتایبەت ئاینەكانی (كاكەیی و زەردەشتی و یەزیدیەكان) وەهەروەها لەزكرو تەسەووف و تەهلیلەی تەكیەكاندا گرنگی تواوی هەبووە، جگەلەوانەی ئاماژەمان پێدا لە كاتی جەنگیشدا ڕۆڵێكی كاریگەری بینیوە بۆ بەرزكردنەوەی ورەی جەنگاوەران و وە لەكاتی سەركەوتنیان لە جەنگدا ئاهەنگیان بەم ئامێرە گێڕاوە. لە كوردستاندا دوو جۆر ئامێر زۆر بەكار دێت یەكەم (شمشاڵی كوردی)ە دووەم (نەی)ە بەڵام ئامێری نەی لە زۆربەی ولاتە ڕۆژهەلاٚتیەكاندا بەكار دێت و لە هەر وولاٚتەو تایبەتمەندی خۆی هەیە, لەوانە (توركیا و عەرەب و فارس) و...هتد بەكاردێت.

شمشاڵیش هەر وەك ئەم ئامێرانەی تر شەش كونی لەسەرەوەیە و یەك كونی لە خوارەوەیە بەڵام ئەو جۆرەی لەو سەردەمەدا بەكار دێت ئەو جۆرەیانە كە حەوت كونی لەسەرەوەیە و یەك كونی لە خوارەوەیە. شتێكی زۆر گرنگ هەیە كە ئامێری (شمشاڵ) لە ئامێری (نەی) وولاٚتانی دراوسێ جیا دەكاتەوە ئەوەیە كە (شمشاڵ) چەند تۆنالیتەیەكی تایبەت بە خۆی هەیە ئەوانیش بە پێی جۆری ئاواز و گۆرانیەكانی ناوچە جیاجیاكانی كوردستان دەژەنرێت, بۆ نمونە لە ناوچەی موكرییاندا بەپێی تۆنالیتەی حەیران و بەیت و بالۆرە و گولێ و گەلۆ و ....هتد.

ئامێری شمشاڵ لە گشت ناوچەكانی كوردستاندا بەكاردێ لە ناوچەكانی هەورامان و بادینان و كوردستانی توركیاو موكری زۆر بەكار دەهێنرێت . هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ :-" ئامێری (شمشاڵ) وەك ئامێرێكی پێویست بەكار دێ لە پێشدا شوانەكان بەكاریان هێناوە چونكە بە درێژایی ڕۆژەكە هیچ شتێكی نەبووە خۆی پێ خەریك بكات و ڕۆژەكە بەسەر ببات و بێزار نەبێت هەستاوە بە ژەنینی ئامێری (شمشاڵ) و لەگەڵ ژەنینی ئەم ئامێرە مەڕ و ماڵاتیشی لێ كۆبوونەتەوە (قەرەداغی، 2003).

ئەگەر سەیری تۆژەرانی دراوسێ بكەین دەبینین بەتەواوی ویستویانە ئامێری (شمشاڵ) لە مێژووی كوردی بسڕنەوە, ئەگەر چی لەگەڵ ئەوەی ئەم بۆچونانەیان زۆر هەڵەیە (شمشاڵ) ئامێرێكی كوردیەو تەنیا لەكوردوستاندا بەكاردێت و بەهەموو تایبەتمەندیەكانی ژەنین و تەكنیكەكانی هەر لە لاسایی كردنەوەی قوڕگی گۆرانیە كوردیەكانە, وەهەروەها لە ڕوانگەی

**مێژووشەوە کە جگە لەوەی لە کوردستاندا درووست بووە و سەری هەڵداوە و لەدایك بووە چەندان بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراویش ئەوەیان سەلماندوە کە (شمشاڵ) ئامێرێکی کوردیە وەهەروەها چەندان مێژوونووس و تۆژەری بەناوبانگی کوردو عەرەب و بیانی لە وتوێژینەوەکان و کتێبەکانیاندا باسی ئەم ئامێرە دەکەن وەك ئامێرێکی کوردی. بەڵام بەداخەوە کە گەلانی دراوسێ کورد هەموو کات دەسەڵات و ژیانیان لەبار تر بووە بۆ نوسنەوەی مێژووی خۆیان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی مێژووی کورد ، لەم بارەوە مامۆستا وریا ئەحمەد دەڵێ :-**

**من هەموو جارێ ئەوە باس دەکەم کوردستان هەر لە دێر زەمانەوە گۆڕەپانی شەڕ بووە.بۆ نموونە لە سەردەمی کۆن لە بەینی ساسانیەکان و ڕۆمانیەکان گۆڕەپانی شەڕ ئێرە بووە.ئەوەتا ئەسکەندەری مەقدۆنی وا دەزانرێ دوێنێیە باس دەکرێ (331) ساڵ پێش زایین لێرە شەڕێك بووە لە لای کەڵەکێ ، لەگەڵ (دریوش) شکایە . هەتا قسەش هەیەی دەڵێن زێڕ و زەبەنەکەی لە بن قەڵاتی هەولێر شاردیتەوە پێش ئەوەی ڕا بکاو بچێتەوە ولاتی خۆی. پاش ئەویش لە بەینی (سەفەوی و عوسمانی) بە هەمان شێوە درێژەی هەبووە ئەو شەڕانە. لەبەر ئەوە تەماشا دەکەی میللیەتی کورد هیچ دەستنووسێکی ماوە. مەسەلەن لە ماڵی مەسعود محمدی لە کۆیە نزیك بوون لێمان ئەمن دەزانم ژورێکی پڕ بوو لە دەست نووس هی بابی باپیری ...جەلیل زادەن ئەو هەموو مەلایە هاتۆتە کۆیە خوێندیتی، لە ساڵی (1963) ئەوە هەمووی سوتا. بە قسەی (د.جەمال ڕەشید) لەو ماوەیە چووم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد کە (خوریەکان) هەندێککەس پێیان دەڵێن (حوری) وە هەندێکەسیش پێیان دەڵێن (هۆڕی) دانیشتووی ئەسڵی کوردستانن بەڵگە شوێنەواریەکەیان ئێستا لە مۆزەخانەی ئەمەریکایە کە کەسێك ( 2500 ) ساڵ پێش زایین بە ئامێرێکی مۆسیقاوە لە نزیك کەرکوکێ لە لەیلان کە گوندێکە لەوێ. ئەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد دانیشتووی ئەسڵی ئەو مەنتیقانە بووە. دەڵێن لەسەردەمە زۆر کۆنەکان کە قەمیشەلأن هەیە لە ناوچەکە ، کە قەمیش ناوەکەی کلۆر دەبێ و بای دێ و بە ناویدا ڕەت دەبی دەنگ دروست دەکات .جا دەڵێن لەوەوە هێناویەتی قەمیشەکەی بڕیوە و کونی تێ کردووە و فووی تێ کردووە. بەم شێوەیە پەیا بووە و سەری هەڵداوە. قسەی پیاوێکی غەیرە کوردە کە ئەوە بە ڕەئی من زۆر گەورەیە ، چونکە ئەتۆ بۆخۆت مەدحی خۆت بکەی مهیم نیە بەس یەکێکی غەیرە کورد بایت بکا زۆر گرنگە. (عەباسی عەزاوی) هەیە پارێزەرێکی بەغداییە, باس لەوە دەکا کە کورد لە زۆر کۆنەوە خاوەنی ئامێری شمشاڵە . (ئەحمەد ، 2012)**

**مامۆستا محمد حسین پێی وایە ئەو ئامێرە فووداره کۆنانە لە زۆربەی ۆلأتانی دنیا بەکاردێ بەڵام هەر لە کۆنەوە و لە دروست بوونیەوە لای کورد بەکار دێ (حسێن ، 2003)**

**وە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی سەبارەت بە کوردی بوونی ئەو ئامێرە دەڵێ :-**

**شمشاڵی ئەو ناوچەیە ئەو شێوە تۆنالیتانەی وەرگرتوە چونکە بە پێی تۆنەکانی لاسایی قورگی ئەو گۆرانی بێژانەی کردۆتەوە کە ئەم شتانەی سەرەوەیان گووتوە. هەروەها لە ناوچەی گەرمیان بەپێی گۆرانیە کێشدارەکان و کێش ئازادەکان (مەقام) ئەو ناوچەیە شمشاڵ ئەو شێوە تۆنالیتەیەی وەرگرتوە، نەك هەر تەنها شمشاڵ بەڵکو جووزەلە و زوڕناو باڵەبان (نەرمەنەی) و...هتد ئەوانیش بێبەری نەبوونە لەم بوارە، لەبەر ئەوەی موزیکی کوردی زیاتر موزیکێکی گۆرانی ئامێزە ئەم ئامێرانەش تۆنەکانیان بەشێوەی گۆرانیەکان دەربڕاوە بۆیە ئەو حاڵەتانەی لە قوڕگ دا درووست دەبێت ئەم ئامێرانە هەوڵیان داوە هەموو شێوازێکی قوڕگ لاسایی بکەنەوە بۆ نمونە شمشاڵ لەگەڵ لە**

(اعواجم) ناوی بەرین ، (distortion)تۆنەکەدا دەنگێکی تر لەگەڵی دایە کە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی قورگی گۆرانی بێژەکاندا ئەو حاڵەتە هەیە، بەم شێوە کردارەی شمشاڵ (سۆناریتا)ی شمشاڵی کوردی لە نەی دەورو بەر جیادەبێتەوە. واتا تۆنالیتا و سوناریتای شمشاڵ جیاوازی تەواوی هەیە لەگەڵ ئامێرە هاوشێوەکانی دەوروبەری کوردستان ئەمەش بەهۆی لاسایی کردنەوەی گۆرانی بێژی کوردی لە کاتی گوتنی گۆرانیە ڕەسەن و میللیەکانی کوردستان . (قەرەداغی، 2003).

وە کاک دارا محمد عوسمانیش دەڵێ:-

"... شمشاڵ و دووزەلە و دەف و تەپڵ..ئەگەر چی ئەمانە ئامێری سەرەکی و گرنگی میللەتی کورد بوون و شوان و گاوان و زوڕنا ژەن، هەر لە کۆنەوە لەناو کورددا هەبوون. چونکە ئەمانە لە هەمووکات و زەمانێکدا لەهەموو گوندو شارۆچکەکان بە درێژایی مێژووی بوونی کورد بوونیان هەبووە"(هەورامی،2008: 26).

سەبارەت بە چاوپێکەوتنێکی دایڤد کۆبیان لەژێر ناونیشانی (کورد و ئەرمەن بران) کە تیایدا (کۆبیان) دەڵێ ئامێری شمشاڵ ئامێرێکی ئەرمەنیە و کوردیش بەکاری دەهێنێ مامۆستا محمد حسێن پێی وایە کە ئەو قسەیە ڕاست نیەو هیچ بنەمایەکی بەڵگەیی و مێژووی لە پشتوە نیە ئەگەر نا دەبوایە بەڵگەیەکی پێ بوایە کە بیسەلمێنێ ئەو ئامێرە ئەرمەنیە وە هەروەها گوتی :-

ئەم ئامێرە زۆر لەکۆنەوە لەناو کوردستاندا بەکاردێت، هۆی بەردەوام بوونی بەکرهێنانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خۆشی و بەسۆزی دەنگی ئامێرەکەو سادەیی و ساکاری ئامێرەکە لەڕووی درووستکردنەوە کە شێوازێکی سادەی هەیە بەهۆی نەبوونی پێت و زمانە لەسەر ئامێرەکە وە لەڕووی ژەنینەوە شێوازێکی سادەی هەبووە بەهۆی نەبوونی تەکنیکی قورس لە شێوازی ژەنیندا هەر لە سەردەمە کۆنەکاندا تاکو ئەو ساڵانەی پێشوش هەر میلۆدیە سادە و فۆلکلۆریەکانی پێ دەژەنرا ، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستاماندا کۆمەڵێك ژەنیاری بەتوانا پەیدا بوون کە توانیویانە ئامێرە شمشاڵ بەرەو پێش بەرن و بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی. وە شمشاڵیان خستە قۆناغی ژەنینی میلۆدیە قورسەکان و تەکنیکیەکان ، لەو شمشاڵ ژەنانەش (محمد حسێن - م.سەردار ئەحمەد – خەلیل عبدللە – هەرێم صلاح – ئومێد محمد .....هتد) کە ئەمانەو زۆر لە ژەنیارانی ئەم ئامێرە لەگەڵ تیپەکاندا ئامێری شمشاڵ هاوشان لەگەڵ ئامێرە پێشکەوتوەکاندا دەژەنن . (حسێن،2003).

سەبارەت بە مێژووی ناوی شمشاڵ لە کوردستان ، دوو ڕای جیاواز هەیە :-

1- ڕای یەکەم:- درووست بوونی شمشاڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی 4000 ساڵ پێش ئێستا واتە ئەو سەردەمانەی کە ئاشوریەکان لە کوردستاندا فەرمانڕەواییان کردووە، وە گردی شمشارەی دەربەندی ڕانیە ناوەندێکی دەسەڵاتی ئاشوریەکان بووە کە فەرمانڕەوایی ناوچەکە بووە و تاکو ئێستاش شوێنەواری ئەو فەرمانڕەواییە بەو گردەوە هەر دیارە، وە کەل و پەل و ئاسەوارەکانیشی پارێزراوە و بە فەرمی لە لایەن تیمی شارەزایانی ئاسار هەڵدراوەتەوە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس و هەمووی بردرا بۆ مۆزەخانەی بەغدا و هەندێك بۆ دەرەوەی وڵات بەشێك لەو کەل و پەلانە لە مۆزەخانەی سلێمانین ، کە لە دوای ڕاپەڕنەکەی کوردستان لەو گردە دۆزراونەتەوە ئێستا پارێزراون، لەسەردانێکم دا بۆ دەستکەوتنی بەڵگە لەسەر کانزای بەکارهاتووی ئەو سەردەمە ئەو چەند وێنەیەی خوارەوەم گرت کە لە کانزا دروست کراون ، بەڵام بە داخەوە هیچ شمشاڵێك نەبوو لەوێ. چونکە بەشێکی زۆر کەم کەل و پەلی ئەو شوێنەوارە لە مۆزەخانەی سلێمانیە وەك پێشتر باسم کرد .

کەل و پەلی کانزایی ئەوسەردەمە کە دەگەڕێتەوە بۆ 2500 ساڵ پ.ز

بەهۆی ئەو کەلوپەلانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەو تائێستا هەڵگیراون بۆمان دەرکەوتووە کە کانزا لەو سەردەمەدا کەلوپەلی لێ درووستکراوە ئەمەش مێژوویەکی ئاشکرایە بۆ ئامێرێکی وەك شمشاڵی ئاسن کەلە کانزا دروست دەکرێت مێژووەکەی لەگەڵ سەرەتای بەکارهێنانی کانزادایە لە کوردستاندا. ئەمەش چەند نمونەیەکی کەل و پەلی مێژووی (2500پ.ز) ە ئەوە دەسەلمێنێ کە لەو سەردەمە کانزا کەل وپەلی لێ درووست کراوە .



کەل و پەلی ئەو سەردەمە کە دەگەڕێتەوە بۆ 2500 ساڵ پ . ز لە کانزا دروست کراون

وەهەروەها مێژووی ناونانی ئامێری شمشاڵ هەر دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووری یەکێك لەو چیرۆکانە ئەوەیە دەگێڕنەوە -:

كه(( شامسى ئاداد 1814-1782 پ.ز)) ژياوه و پاشاى ئاشووريەكان بووه لەگردى شمشارەى باشوورى ڕۆژهەلاّتى ڕانيه كه شمشاره شار و ناوەندى دەسەلاّتى ئەو بووه، هاتووه له ناوچەكەدا باشترين شمشالّ ژەنەكانى كۆكردۆتەوه و له كۆشكه ڕازاوەكانى ئەو گردەدا كه تائێستاش شەێنەوارى كۆشكەكان ماوه ، هونەريەتى خۆيانى پىٚ نواندوون و كه گوايه لەو كاتەوه ناو له شمشالّ نراوه وه بەشێكى ترى ئەو ڕايه دەلّێن : هەر لەهەمان سەردەمدا شوانێك لەبنارى قەنديلدا شمشالّەكەى دەكەوێته ناو ئاو و دواى ماوەيەك شمشالّى ئەم شوانه له يەكێك له سەرچاوه ئاويەكانى نزيك ئەو گرده دەدۆزرێتەوه دەيبەنه لاى (شامسى ئاداد) ئيتر لەو كاتەوه (شمشالّ و شوان) ناويان لىٚ دەنرێت. ئەم ناولێنانەش پەيوەنديەكى تەواوى هەيه لەنێوان (شوان – شمشالّ – شمشاره) . (**بورهان، 2003: 14**)

2- ڕاى دووەم:- مێژووى دروست بوون و ناونانى شمشالّ دەگەڕێننەوه بۆ مێژووى دەسەلاّتى پاشايەكى ميدى كه ناوى (دياكۆ) بووه له (1400) سالّ پێش زايين حوكومڕانى ولاّتى (ئەسفەهان) بووەو (ماد) يشى لەبەر دەست دابووه. ئەم ڕايه دەلّىٚ دياكۆ كه پاشا بووه كۆشكێكى درووست كردوه هاتوون له ديوارى ئەو كۆشكەدا قەميشيان داناوه بۆ ئەوەى له هاوينandا هەوا هاتوچۆ بەناو كۆشكەكەدا بكات كاتێك كه كۆشكەكه تەواو بووه گوێبيستى دەنگێك بوونه كه لەو قەميشانه پەيدا بووه لايان شتێكى سەير بووه ئيتر چەند كەسێكى لێهاتوو هاتن بيريان لێكردەوه بۆيان دەركەوت كه ئەو دەنگه بەهۆى تێپەڕبوونى هەوا بەناو قاميشەكاندا درووست دەبێت. ئەوجا يەكێك لەوانه كه ناوى (ڕەند) بوو ئەويش (ميدى) بوو هات قەميشێكى هێنا فووى بەو قەميشەدا كرد و دەنگى لێوەهات بەلاّم لەبەر ئەوەى ئەو قەميشه كونى تێدا نەبوو نەيتوانى چاك بەكارى بهێنێت ، دواتر كچى ڕەند كەناوى (نۆش ئافەرين) بوو به باوكى گووت گووتى ئەگەر بێت و كوون لەو قاميشه بكرێت ئەوه دەتوانرێت ئاوازى پىٚ بژەنرێت . ئيتر هەستان دوو كوونيان لەو قاميشه كردو دەستيان به ژەنين كرد ، بەلاّم ديسان لەبەر ئەوەى كه كونەكان كەم بوون تواناى ژەنينى كەم بوو ، ئەوجا ڕەند چوو بۆلاى برادەرێكى كەناوى (شامشالّ) بوو پێى گووت شتێكى ئاوام دۆزيوەتەوه بەلاّم ئەو شتەى كه مەبەستمانه پێى لىٚ نادرێت (شامشالّ) قەميشەكەى لێوەرگرت و دوو كونى ترى تێكرد ئينجا فووى پێداكرد و پێى ژەنى دواتر (شامشالّ) هەستا بەدرووستكردنى ئەو ئامێره له ئاسن ، لێرەشدا پرسيارێك درووست دەبێت ئايا لەوكاتەدا ئاسن و كانزا بەكار هاتووەو شتى لێدرووستكراوه ؟ پاشماوەكان و مێژووى ئەو كاته ئەوه دەسەلێنن كه لەو كاتەدا ئاسن و كانزا شتى لىٚ درووستكراوه ، وه دەلّێن (كۆهى ئاتەش هەشات) كه بەكێوى (ئاگر) ناوبراوه بەهۆى پلەى گەرمى ئاگرى لێهەستاوەو بەهۆى ئەوەوه كانزاى لێهاتۆته دەرىٚ و هەندىٚ لەو كانزايانه به تيپەڕبوونى ڕۆژگار بەشێوەى لوولەكى درووست بوونەو گوايه كه سەرەتا شمشالّ لەو كانزايانه درووست كراوه و وه ناوى شمشالّيش له ناوى شامشالّەوه وەرگيراوه ، واته ئەوكەسەى كه پەرەى به شمشالّ داو له ئاسن درووستى كرد كه پياوێكى (ميدى) بووەو (شامشالّ) و (شمشالّيش) هەردووكيان دوو وشەى كوردينه ، دواى ئەوەى كه شمشالّيان درووستكرد هەردووكيان واته (شامشالّ) و (ڕەند) چوونه پێش كۆشكى پاشاى (ميدى) واتا پێش كۆشكى (دياكۆ) و دەستيان به شمشالّ لێدان كرد ، ئەويش لەگەلّ پياوەكانى خۆى و كچ و ژنەكەى هاتن گوێيان لێگررتن و كه لێبوونەوه پاشا زۆرى به دلّى بوو و چوو هەردووكيانى ماچ كرد و خەلاّتى كردن ، وه دەلّێن كه يەكەم گۆرانى كوردى كه بەموزيكەوه گوترابێت لەو سەردەمەدابووه . (بێتواته،2007).

سەبارەت به مێژووى شمشالّ دەبينين كه تۆژەرانى كورد هەتا ئەمڕۆش وەك پێويست ئاوڕيان له مێژووى ئەو ئامێره نەداوەتەوه وه به گشتى ئاوڕ له مێژووى موزيكى كورديش نەدراوەتەوه وه ئەگەر درابێشتەوه له ئاستى پێويست دانيه و كەمه لەم ڕووەوه نازم عەلى دەلّىٚ :-

بەداخەوە ئێمە مێژوونووسی میوزیکمان نییە تا بیسەلمێنێت شمشاڵ ئامێرێکی کوردییە، هەندێك دەڵێن لە شارستانییەتی (نیلە)وە هاتووە، هەندێکی دیکەش دەڵێن لە دۆڵی (ڕافیدەین) سەری هەڵداوە، بێگومان کوردستانیش پارچەیەك بووە لە شارستانیەتی دۆڵی (ڕافیدەین)، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسێکی ئینگلیزی هەیە نووسیویەتی لە کوردستان هەندێك شوێنەواری دێرینیان دۆزیوەتەوە، کە لە شێوەی شمشاڵ بووە، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە شمشاڵ ئامێرێکی ڕەسەنی کوردییە.(**زاری کرمانجی** ، 2012).

لەبەر ئەوەشە کە تۆژەرانی بیانی زات دەکەن بە هەڵە باس لە مێژووی شمشاڵ بکەن و هەوڵ بدەن لەسەر ناوی کورد بیسڕنەوە لە وانە :-

تۆژەری عەرەبی عێراقی (سوبحی ئەنوەر ڕەشید) دەڵێ ئامێریکی عێراقیەو بویەکەم جار لە عێراقدا سەری هەڵداوە. کەئەم تۆژەرە بەناوی عێراقی موزیکی کوردی خستۆتە سێبەری مێژووەوە، وەهەروەها تۆژەری فارس (ڕوح الله خالقی) دەڵێ ئامێری شمشاڵ لە ئێراندا ڕابردوویەکی دووری هەیە گەلی عەرەب ئەم ئامیرەیان لە فارسەوە وەرگرتووە. تۆژەری عەرەبی عێراقی (حسێن قەددوری) دەڵێ زانایانی مێژووی ئامێرەکانی موزیك لەوباوەڕەدانە ئامێری شمشاڵ و فووداری دیکە لەدێر زەمانەوە لەزۆربەی ناوچەکانی جیهان بەکار هێنراوە (د.مەحمود ئەحمەد حەنەفی) دەڵێت :- ئامێری شمشاڵ ئامێرێکی میسریە لەوڵاتی نیلەوە بەشارستانیەتی دیکە گەیشتوە. بەڵام تۆژەری کوردی ئێرانی (عەلی ئەسغەر نەسرولاَ پوور) دەڵێت ئامێری نای فارسی لەبنچینە دا ئامێری شمشاڵی کوردیەو یەك مێژویان هەیە لەئێراندا لە ناوچەکانی (گەیلان) و (خوراسان) و (کرماشان) و (سنە) بەکاردەهێنرێت ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەرفراوان لەناوچە کوردنشینەکاندا بەدی دەکرێت. (**ڕەشید** ، 2003).

**کۆمەڵێك لەوبەڵگەو نوسینانە دەخەینە روو کە دەیسەلمێنن شمشاڵ ئامێرێکی کوردییە :-**

یەکێك لە یادگارە دێرینەکانی موزیکی سەردەمی (ساسانی) لە کوردستاندا ئەو تابلۆ بەردینە هەڵکۆلراوەی (تاق بوستان)ی دامێنی کێوەکانی بێستونی نزیك شاری کرماشانە، کە بە تابلۆی (ڕاوە شوور) ناسراوە و بریتییە لە 10 تابلۆی (ڕاو) ، کە بەرامبەر یەك، لەسەر بەردی تاشراو هەڵکۆڵراون. مێژووی ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە سەدەی پێنجەمی زاینی ، کە شایەکانی سەردەمی شارستانێتی گەش و درەوشاوەی (ساسانی) ، گرنگیەکی یەکجار زۆریان بە نرخ و بایەخی موزیك داوە. (حەمە باقی ، 2009: 142).



وێنەی پاشماوە ئاساریەکەی تاق بوستان

**- عەزاویێ دەڵێ :-**

(تەنبوور) یەکەم جار لەلایەن نەتەوەی (لووت)ەوە داهێنراوە ،بۆ ڕاکێشانی منداڵی جوان دەژەنرا ،بەڵام (زوڕنا) و هەرچی ئامێری فوودار هەیە لەلایەن نەوەی (ئیسرائیل)ەوە داهێنران ،جگە لە ئامێری شمشاڵی قەمیش کە هەر لەسەرەتاوە لەلایەن شوانە کوردەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی مەڕو ماڵات ژەنراوە، (دەف)یش لەلایەن عەرەبەکانەوە دەرکەوت. (ئەحمەد،1989: 3).

-لەو تابلۆیە کە وێنەی (خوسرەو پەروێز)و یاران و سەربازان و راوکارانی دەستەی خوسرەوی تێدا نیشان دراوە وە ڕوون دەبێتەوە کە شایەکانی ئەو سەردەمە لە هەموو بۆنەیەکدا موزیکیان لەیاد نەکردووە. بۆیە ئەم ئاهەنگی ڕاوە شوور و یەکانەیەش، موزیك جێگەی تایبەتی خۆی هەبووە. موزیکژەنانی ناو ئەم دوو تابلۆی ڕاوە، ئامێری جۆراو جۆری موزیکیان بەدەستەوەیە، وەك : (شمشاڵ ، چەنگ ، دەف ، نای ، کەڕەنای ، سوورنای ، شەیپوور ، ........) کە بە ئاشکرا بە چاو دەبینرێن و جیا دەکرێنەوە. (حەمەباقی،2009: 142).

- تۆمابوا دەڵێ :-

"بەشی زۆری ئەو ئامێرانەی لە کوردەواریدا بەکاردەهێنرێن، لەناوخۆدا دروست دەکرێن "(ئەحمەد،1989: 3).

-مێژووی ئەم ئامێرە ئەو گەڕان و پشکنینانەی بەدوای ئاسەواری کۆندا کرا لە کۆتایی ساڵەکانی 30 پێش شەڕی جیهانی دووەم، لە ناوچەی (تەپە گورە)ی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و نزیکەی ( 15 ) میل لەو شارەوە دوور نزیکی گوندی (بەعشیقە)، زۆر ئامێری لە ئێسك ی ئاژەڵ دروستکراویان دۆزیەوە ئێسکەکان گرنگیان پێ درا بوو واتە لوس و ڕێك کرا بوون، زۆربەشیان شکابوون، بەڵام نمونە نەشکاوەکە لە گۆڕێکی چینی (دوامزەهەمدا) کە دەگەڕێتەوە بۆ (3500) ساڵ پێش زایین لەژێر کەللە سەری پەیکەری ئێسقانی منداڵێك دا، کەتەمەنی ( 10 ) ساڵ تێپەڕ نەببوو دانرا بوو، دەبێ ئەم منداڵە شوان بوبێ یاخود کوڕە شوان دەنگی ئەو ئامێرەی گەلێك لا خۆش بوبێ ، بۆیە خزمانی بڕیاریان داوە ئەو ئامێرە لە دلا شیرینەی لەگەڵدا بخەنە ژێر گڵ. ئەم پارچەیەی باسمان کرد و زۆری دیکەش لە باکوری عێڕاق دا دۆزراونەتەوە. بەڵگەیەکی تر لەسەر مێژووی شمشاڵ شەڕەف نامەکەی (شەڕەف خانی بەدلیسی)ە کە تابلۆیەکی تیادایە وێنەی پیاوێکە کە دانیشتووە و شمشاڵ دەژەنێ . "

(ئەحمەد،1989: 108).

- ئاشووریەکانیش، کە شوێنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایان لەبەری خۆرئاوای (میدی)و لە جوگرافیای ئێستای کوردستانی عێراق و هاوسەردەمی بابلی بوون، دەتوانین بڵێین: هەمان ئەو ئامێرە موزیکیانەیان بەکارهێناوە، کە بابلییەکان هەیان بووە. بە تایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان هەردوو زێی دیجلە و فوراتدا، کۆمەڵێك کلاوەو شوێنەواری هەڵکوڵراویان ئەوە دەسەڵمێنن، کە ئەمانیش ئامێری موزیکی پێشکەوتوویان هەبووە، وەك: (چەنگ، سەنتوور، تەنبوور، شمشاڵ، دوونای، قانوون، دایەرە).(حەمەباقی).

- لە سەردەمی ساسانیدا جگە لە ئامێری (سوڕنای)، ئامێری (شمشال)یش، بە هەموو جۆرەکانیەوە زۆر بایەخی پێدراوە و لەگەڵ (سینی و قاپی سەردەمی) ساسانی کە لەم دواییانەدا بینراونەتەوە، وێنەی شمشاڵژەن و نایژەنیان تێدایە. بەڵام ئاشوریەکان لە پێش ساسانیەکان (شمشاڵ)یان بەکار هێناوە. کۆنترین شوێنەوارێکی ئاشوری، کە بە شمشاڵ نزیك بێت، ئامێرێکە لە شێوەی شاخی ئاژەڵێکدا، لەسەر بەردێکی تاشراوی لای گڵکۆی (سەنحاریب) دۆزراوەتەوە. (حەمە باقی، 2009: 153)

- لە کەلاوە پشکێنراوەکانی ئاشووریدا، تیپێکی موزیکژەنان دۆزراوەتەوە، کە ئامێری هەمەجۆرەی موزیکیان بەدەستەوە گرتووە، وەك: (شمشاڵ)، (دوونای)، چەند ژەنیارێکی ئامێری (چەنگ) هەندێ ئامێری تری نزیك بە (سەنتوور). (حەمەباقی)

- ئاشوریەکانیش کە شوێنی دەسەڵات و فەرمانڕەواییان لە بەری خۆرئاوای (میدی) و لە جوگرافیای ئێستای کوردستانی عێراق و هاوسەردەمی بابلی بوون، دەتوانین بڵێین هەمان ئەو ئامێرە موزیکیانەیان بەکارهێناوە کە بابلیەکان هەیان بووە.

بەتایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان هەردوو زێی (دیجلە و فورات) ، کۆمەڵێك کەلاوە و شوێنەواری هەڵکۆڵراویان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەمانیش ئامێری پێشکەوتویان هەبووە ، وەك: (چەنگ ، سەنتور ، تەنبور ، شمشاڵ ، دوونای ، قانون ، دایەرە).

لە کەلاوە پشکێنراوەکانی ئاشوری دا ، تیپێکی موزیکژەنان دۆزراوەتەوە ، کە ئامێری هەمەجۆرەی موزیکیان بە دەستەوە گرتووە ، وەك : (شمشاڵ) ، (دوونای) ، چەند ژەنیارێکی ئامێری (چەنگ) و هەندێ ئامێری تری نزیك بە (سەنتوور). (حەمە باقی،2009: 181)

- کۆنترین شوێنەوارێکی ئاشووری، کە دراوسێی (ماد) بوون و بە(شمشاڵ) نزیك بێت، ئامێرێکە لە شێوەی قۆچی ئاژەڵێکدا، لەسەر بەردێکی تاشراوی گڵکۆی (سەنحاریب) دۆزراوەتەوە. (حەمە باقی ، 2011: 269).

- ئەو ئامێرە موزیکیانەی لە میر نشینی (دۆستەکی) دا بەکار هێنراون ئەمانە بوون : (شمشاڵ ، عود ، تەمبوور ، قانوون).....هتد (حەمە باقی،2009: 181).

- ئەو پشکنینانەش کە لەم دواییەدا لە(حەجـەر)ی لای (مووسڵ) کراون، ئەوە دەسەلمێنن کە ئامێری شمشاڵ، بۆ سەردەمی پێش ئیسلام و ڕوونتر: بۆ ساڵی(160)ی پێش زایین دەگەڕێتەوە (حەمە باقی ، 2011: 270).

- وەهەروەها (تۆمابوا) لە لێکۆڵینەوەکەیدا کەبە کتێبێك بەناوی (تأریخ الاکراد) بڵاوی کردۆتەوە دەربارەی مێژووی کوردو کەلەپوور و داب و نەریت و ...هتد ، لەبابەتێکدا بەناوی (ساعات الفراغ) تیایدا ئاماژە بەو کاتانە دەکات کە بێکارن ، تیایاندا کورد خۆی بەکۆمەڵێك شت سەرقاڵ دەکات و پشووی پێ دەدات و ماندوویەتی خۆیانی پێ دەحەسێننەوە وە زاخاوی ماندوو بوون و شەکەتی مێشك و بەدەنی خۆیانی پێ دەردەکەن, یەکێك لەو شتانە (ایقاع والغنا) (ڕیتم و گۆرانی) تۆمابوا لێرەدا باس لە کاتەکانی گۆرانی و جۆرەکانی و شێوازەکانی گۆرانی و ڕیتمەکان دەکات ، وەهەروەها جۆرەکانی شایی و سەمای کوردی باس دەکات ...وە ئاماژە بە شاییی و گۆرانیەکان دەکات و دەڵێ :- ئەم ئامێرە سەرەکیەی کە هاوشانی گۆرانی و شاییەکە دەکات (شمشاڵ)ە. وەهەروەها لەشوێنێکی تر ئاماژە بۆ (دوونای) دەکات کە پێك دێت لە دوو قامیشی کورت و دەخرێتە نێوان هەردوو لێوەکان و لە ڕێگەی فووکردنەوە دەژەنرێت، کە ئێستا ئەم ئامێرە بە (دووزەلە) ناودەبرێت.

ئەو نوسەرانەی کە لەپێش ئیسلام ناوی شمشاڵیان هێناوە : -

جاحز بووە کە دەڵێ : ئەردەشێری ساسانی ، مامۆستایانی موزیك و گۆرانی ، لە پلەی شازادە و سواران داناوە و دەستەی شمشاڵژەن و چەنگژەنانیشی لە پلەی سێیەمدا داناوە.

مێژوونوسی ناسراوی عەرەب:(مەسعودی)یش ، لە (مروج الزهب) دا ، کاتێ ئاماژە بۆ ئامێرەکانی سەردەمی ساسانی دەکات ، ناوی (شمشاڵ و نای) بە یەکەوە دێنێ و لە ڕیزی (چەنگ) و (تەنبوور) و (بەربەت) دا ، دایان دەنێ ، ئەوسا باسی موزیکی کوردی دەکات و هەر لەبارەی شمشاڵەوە دەڵێ : شوانی کورد شتێکیان بەکاردەهێنا کە فوویان پیا دەکرد، دەنگی لێوە دەهات ، ئەگەر مێگەلەکانیان بلآوەی بکردایە بەشمشاڵ کۆیان دەکردنەوە. دیسان (ئیبن خردازبە)ش ، ئەم باسەی بۆ کتێبەکەی خۆی گواستۆتەوە ، کە ناوی ناوە (نبزه فی اللهو والملاهی) (حەمە باقی ، 2009: 153)



وێنەی ئەو ئاسارەی کە لە کتێبی اللهو والملاهی بلآو کراوەتەوە

- نوسەری کتێبی (اللاغانی)ش سەبارەت بە ئامێری شمشاڵ لە کتێبەکەیدا دەڵێت :

لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا جولەکەکان شمشاڵیان وەك ئامێرێکی جەنگی و سوپایی بەکارهێناوە.

نوسەرانی دێرینی عەرەبیش ، ناوی شمشاڵیان بە هەمەجۆر باس و خواس لێکردووە ،لەوانە: ئیبن سینا، ئەبو مەنسور ئیبن حسێن محەمەدی ناسراو بە ئیبن زیلەو عەبدولاّ محەمەد بن ئەحمەد ئیبن یوسف خوارزمی و فارابی و عەبدولقادر مەراغەیی و...... .

جگە لەمانەش لە کتێبی (هەزارویەك شەو)یشدا ناوی شمشاڵ بەو جۆرێك هاتووە ، کە وا لە کۆڕی ئاهەنگ و شادی و بەزم و وە لە کاروباری ڕەزم و جەنگی و سوپاییشدا ، لە هەوای ئازاددا ، بەکارهێنراوە. (حەمە باقی ، 2009: 153)

وە لەزۆربەی تۆژینەوەکان کە دەربارەی کورد کراوە باس لە ئامێری (شمشاڵ) کراوە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئامێری (شمشاڵ) ئامێرێکە هەر لەکۆنەوە و لەدێر زەمانەوە هاودەنگ و هاوڕێ بووە لەگەڵ نەتەوەی کورد ، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کەئامێرێکە جگە لەوەی لەبۆنە خۆشەکاندا بەکار هاتووە و لە هەمان کاتدا دەنگێکی زۆر غەمگینیشی هەیە بۆیە هەمووکات بەکار هاتووە بۆ دەربڕینی ئازارەکانی کورد. وەك ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوو هێرش و وێرانکاری و کاولکاری و داگیرکاریەکی زۆر کوردو کوردستانی گرتۆتەوە لەلایەن داگیرکەران. بۆیە ئامێری (شمشاڵ) بۆتە هۆیەکی سەرەکی بۆ دەربڕینی ئەو ناخۆشی و نەهامەتی و کوشت و کوشتار و کاولکاریانەی کەبەسەر کورد هاتووە. واتە دەنگە غەمگینەکەی ئامێری (شمشاڵ) زۆر نزیك بووە لەدەنگی غەمگینی نەهامەتی کورد.